وێنەیەکی تەرجەمە کراوی دەقە عەرەبییەکەیە

**بە ناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**بە ناوی گەلەوە**

**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عێراق**

**ژمارەی دەرهێنان: ٢**

**رۆژی دەرهێنان: ٢٠٠٢/٤/١٠**

پشت بە حوکمەکانی برگە (١)ی ماددەی (٥٦) و ماددەی (٥٣) لە یاسای ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی (١٩٩٢)و، لەسەر داوای وەزیری دادو رەزامەندیی ئەنجومەنی وەزیران وەئەو یاساکارییەش کە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ناسایی ژمارە(٥)ی رۆژی (٢٠٠٢/٤/٩)یدا ئەنجامی داوەو، بەپێی ئەو دەسەڵاتەش کە برگە(٣)ی ماددەی دووەمی یاسای ژمارە(١٠)ی ساڵی ١٩٩٧پێمانی داوە، بریاری دەرهێنانی ئەم یاسایەی خوارەوەمان دا:

## یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٠٢

**ماددەی یەکەم:**

دادگا پێوەندیدارەکان، لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا بۆیان هەیە مەرگنامە(حجج الوفاة) و قەسسام بۆ شەهیدانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد دەربهێنن، هەتا، ئەگەر جێگای دانیشتنی هەمیشەییشیان لە دەرەوەی هەرێمیش بێت.

**ماددەی دووەم:**

هەر دەقێ پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت، ناخرێتە بەرکار.

**ماددەی سێیەم:**

پێویستە لەسەر وەزیرە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە بخەنە بەرکار.

**ماددەی چوارەم:**

ئەم یاسایە لە رۆژی بڵاوکردنەوەی لە(وەقایعی کوردستان)دا، دەخرێتە بەرکار.

**د.رۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستان ـ عێراق**